گەلاوێژ حوسەینی

# دەوڵەتی تورکیە و یەکیەتی وڵاتانی ئوروپا

پارلمانی ئوروپا بڕیاری داوە کە لە مانگی دسامبری ٢٠٠٤ دا لە سەر ئەندامیەتی دەوڵەتی تورکیە لە یەکییەتی وڵاتانی ئوروپادا، بڕیار بدات. بەم بۆنەوە گونتروەوگن، بەرپرسی سەرەوەی پەرەپێدانی هاوپشتی ئوروپا و نوێنەری پارلمانی ئوروپا، چاوەدێری هەنگاو هەڵگرتنی دەوڵەتی تورکیە لە ئاست وەدیهێنانی داخوازی و مەرجەکانی یەکیەتی وڵاتانی ئوروپا دەکات. ناو براو ئاخرین هەڵسەنگاندنی خۆی لەم بابەتەوە، پێشکەشی پارلمانی ئوروپا دەکات.

دەوڵەتی تورکیە تەواوی هەوڵەکانی ئەوەیە کە لە ڕەواڵەتی سیاسەتی دژی ئینسانی خۆی ئاڵ و گۆڕێکی هاکە زایی پێک بێنێت و بە دنیای دەرەوەی خوی نیشان بدات کە لە باری کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادی سیاسی و لە بەرچاو گرتنی مافی مرۆڤ لە گەڵ وڵاتانی تری ئوروپادا دێتەوە و کەمی نەهێناوە.

دوو ساڵ لەوەوپێش لە پارلمانی تورکیە بڕیار درا کە ڕادیوی دەوڵەتی تورکیە بە زمانی کوردی لە حەوتوودا جارێک بەرنامەی هەبێت، بەڵام ناوی زمانی کوردی نەبێت، تەنیا بڵێن دوو شێوەی قسەکردن لە تورکیە. هەروەها مافی چاپ کردن و بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامە و نوسراوەی کوردیش هەبێت. لە ڕاستی دا هەڵگرتنی ئەم دوو هەنگاوە لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە زەختی پارلمانی ئوروپای لەسەر بوو. ئەوان لەسەر ئەو بڕیارە سوور بوون کە خەڵکی کورد دەبێ مافی کەڵک وەرگرتن لە مێدیا و ڕادیو و ڕۆژنامەیان بە زمانی خۆیان هەبێت. ئەم هەنگاوانەی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەرجەمی خەڵکی جیهان هەنگاوێکی بێ وێنە و بڕوا پێ نەکراو بوو، چوونکە خەڵکی کورد دەیان ساڵ بوو لەو مافە سەرەتاییە بێ بەش کرابوون. دوایین هەنگاوەکانی دەوڵەتی تورکیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، ئازادکردنی لەیلا زانا، ژنی ئازادیخوازی کورد و تێکۆشەری مافی مرۆڤ (پێشتر خەڵاتی مافی مرۆڤی ئوروپای پێ بەخشراوە) لە گەڵ ٣ هاوڕێی کە لە ساڵی ١٩٩٤ بە تاوانی ئەندام بوونیان لە ڕێکخراوێکی غەیرە یاسایی گیرا بوون، ئازاد کرد.

یەکیەتی وڵاتانی ئوروپا لە ڕزگاری ئەم چوار تێکۆشەرە سیاسییە بە گەرمی پێشوازی کرد و ئەم هەڵوێستەی دەوڵەتی توکییەی بە نزیک بوونەوەی لەو ڕفۆرم و بڕیارانە زانی کە دەوڵەتی تورکیە پێشتر بەڵێنی لە سەر بەڕێوە بردنیان دابوو.

ئەگەر چی لە ڕاستیدا دادگای مافی مرۆڤ لە سەر پەروەندەی لەیلا زانا و هاوڕێکانی لێکۆڵینەوەیەکی زۆری کردبوو و دواجار دەوڵەتی تورکیەیی بە بۆنی حوکمی ناعادڵانەی خستبووە بەر ڕەخنە و داوای سەرلە نوێ پێداچوونەوەی پەروەندەکانیانی کردبوو، دەتوانین بڵێین کە لەیلا زانا و هاوڕێکانی بە حوکمی پارلمانی ئوروپا ئازاد کران، نەک بە بڕیاری دەوڵەتی "دیموکراتیکی" تورکیە. سەرەڕای هەموو هەوڵ و تەقەلا و پەلەقاژەی تورکیە ئەو ئاڵ و گۆڕ و فۆرمانەی کە بۆ ئەندام بوونی لە یەکییەتی وڵاتانی ئوروپادا وەگەڕی خستبوون، ناوی تورکیە و دەوڵەتی ئەو وڵاتە بۆ هەموو ئینسانە ئازادیخوازەکان وەبیرهێنەرەوەی هەڵوێست و سیاسەتی دەوڵەتێکی غەیرە دیموکراتیکە کە بناغەکەی لە سەر ئەساسەی دژایەتی لە گەڵ سەرەتایی ترین مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و دژایەتی لە گەڵ مافی کەمایەتییە نەتەوەییەکان، بە تایبەت خەڵکی کورد، دامەزراوە. وەبیرهێنەرەوەی دەنگی نارەزایەتی خەڵکی وەتەنگ هاتووە، وەبیرهێنەرەوەی ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازاری ئازادیخوازانە لە زیندانە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتە و وەبیرهێنەرەوەی سەرکوتی شۆڕشی خەڵکی کورد و هاوکاری لە گەڵ دەوڵەتانی دیکتاتۆری ناوچەکەیە بۆ تواندنەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کورد. هەروەها وەبیر هێنەرەوەی ئەو خەڵکە هەژار و ڕەش و ڕووتەیە کە دێهات و لادێکانی کوردوستانیان بەسەردا وێران کراو و پیشکەوتوویی و ستانداردی ژیانی ئەوڕۆییان بۆ سەدان ساڵ لێ دوور خراوەتەوە. بیستنی ناوی تورکیە و دەوڵەتی تورکیە سیستمێکی پڕ لە درۆ، چەواشەکاری و ڕێشوەخۆری وەبیر دێنێتەوە.

سیاسەتی دژی مرۆڤانەی دەوڵەتی تورکیە لە سەر سنورەکانی نێوان تورکیە و عێراق ڕەنگی داوەتەوە کاتێک کە خەڵکی چاوەڕوانی سەرسنورەکان بۆ مۆرکردنی پاسپۆرتکانیان بەو پەڕی بێحورمەتی لەگەڵیان دەجووڵێنەوە. هەندێک بەرپرسی سەر سنورەکان لەوێ وەک سەگی هار بەستراونەتەوە و بۆ بەهانەیەک دەگەڕێن تا بەو پەڕی بێ حورمەتی و دڵڕەقی بە سەر و چاوی خەڵک دا بکێشن. ئەوان بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێت دەیانەوێت نیشانی بدەن (بە تایبەت بە خەڵکی کورد) کە "تورکیە هی تورکەکانە". ناوی کوردوستان و وشەی کورنابێت بە هیچ شێوەیەک نابێ بگوترێت یان بنووسرێت. تەنانەت ئەگەر بە "هەڵە" نووسرابێت خەتا و تاوانێکی گەورەیە کە بیر و باوەڕی فاشیستی پۆلیسی تورکیە هەراسان دەکات و تەنانەت خاتری پارلمانی ئوروپاش ناتوانێ لەو سنوورانەدا کەس بە بۆنەی ئەم "تاوانەوە" ڕزگار بکات.

ئەمەیە ناوەڕۆکی سیاسەتی دەوڵەتی تورکیە, نەک ئازادکردنی لەیلا زانا و هاوڕێکانی. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕ کە دەوڵەتانی ئوروپایی بە چ ڕادەیەک لە گەڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ژێر پێ نانی هەموو ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە وڵاتی تورکیە ئاگادارن و چ هەڵوێستێک بەرانبەر بە زیندانە ئاخناوەکانی ئەو دەوڵەتە دەگرن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوون و ئاشکرایە؛ قازانج و بەرژەوەندی سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان لە وڵاتانی ئوروپا زۆر لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی زوڵم لێ کراو و چەوساوە گرینگ ترە، هەر بۆیە هەڵوێستی ڕەخنە گرانە لە دەوڵەتی تورکیە هەڵوێستی یەکەمی ئەم وڵآتانە نییە.

پێکهێنانی یەکییەتی وڵاتانی هاوبەشی ئوروپا تەنیا لە خزمەت وەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندیەکانی نیزامی سەرمایەداری دایە کە خستنە سەریەکی سەروەت و سامانی سەرجەمی وڵاتانی ئوروپا و بە دەستهێنانی قازانجی زۆرتر مەبەستیەتی. ئەمەیە ئاسۆی یەکیەتی وڵاتانی ئوروپا نەک دامەزراندنی دیموکراسی و پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی چەوساوە.

یەکیەتی ئوروپا پێویستی بە تورکیە و وڵاتانی لەم چەشنە هەیە کە بەرژەوەندی ئەوان لەو ناوچەیە بپارێزن. سەروەت و سامانی کۆمەڵگای سەرمایەداری لە سەر بناغەی زوڵم و زۆر دارێژراوە. کۆشک و دەرباریان لە خوێنی خەڵکی نارازی و وەتەنگ هاتوو بنا کراوە. کارگاکانی چەک و تەقەمەنی و چەکی کۆمەڵ کوژیان بە کوشتنی خەڵکی تێکۆشەر و بە خوێن کێشانی ڕیزی نارەزایەتییان دەسوڕێن. ئەمانە و سەدان زوڵم و زۆری دیکە تاڵیەکانی جیهانی نابەرابەری ئێمەیە. بۆ ژێرا و بن کردنی ئەم جیهانە نابەرابەرە و بۆ لەڕیشە دەرهێنانی هەر چەشنە هەڵاواردنێک و بۆ بونیادنانی دنیایێکی شیاوی ئینسان, پێویستمان بە خەباتێکی شێلگیرانە و خۆڕێکخستمان لە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی یە کە بەرژەوەندی خەڵکی هەژار و چەوساوە و ڕزگار کردنیان لە زنجیری نیزامی سەرمایەداری ڕێبازیەتی.